**چ کەردەن؟**

**حوسێن سەعیدی**

کورد بۆ مرۆڤی هەلپەرەست و خۆخواز قسەیەکی جوانی  هەیە کەدەڵێ:" کابرا بەشوێن بۆنی کەباب کەوت نەیزانی کەر داخ دەکەن".

ئێستا ئەم  قسە نەستەقە دەربری وەزع و حالی ئیسلاح تەڵەبان و هەموو ئەو کەسانەیە کە پێیان وابوو و پێیان وایە خەڵک داشی دامەی ئەوانن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان چونێان پێخۆش بێ، دەتوانن رایان دەن.

موسەوی و کەرووبی و سەیدی خەندان و باقی خەواسی تازە و کۆنەی دەرباری ولایەتی فەقی پێیان وابوو گەلانی چەوساوەی ئێران لەبەر وجاهەت و جەمال و پیاوچاکی ئەوان هاتوونەتە مەیدان و سەر و ماڵیان پێشکەش دەکەن. ئەوان پێیان وابوو کە دەردی گەلانی ئێران و گەنجانی راپەریو، وەرز بوون لەسەر وسیمای ناموبارەکی ئەحمەدی نەژادە و تامەزرۆی دیتنی دووبارەی سەیدی خەندان و موسەوی و باقی لایەنگرانی ولایەتی فەقین، کە دووبارە بێن و لەسەر ئەساسی قانوونی ئەساسی و لەژێر ئالای ولایەتی فەقی چارەسەری ئەم گیر و گرفتانە بکەن.

سەیدی خەندان دەفەرمێ: " قانوونمەندی و پاراستنی حکومەتی ئیسلامی و ئەسڵی ولایەتی فەقی بۆچونی زۆربەی هەرە زۆری ئێمەیە، ئەو کەمینەی کە شوعاری ساختار شکەنانە دەدا غەڵەتی زیادی دەکا و لە ئێمە نییە."

موسەوی و کەرووبی ئاوات بە سەردەمی خۆمەینی جەلاد دەخۆازن، کە بە بۆچونی ئەوان بەهەشتی بەرین بوو. ئەوان پێیان وایە بە گەرانەوە بۆ سەردەمی خۆمەینی هەموو گیروگرفتەکان چارەسەر دەبێ.

ئەم رۆژانە مرۆڤ گوێ لەچەند  وشەی سیحراوی دەبێ، کەهەم لەلایەن دەمراستانی حکومەت و  هەم لەلایەن جوونبشی سەوزەوە دووپات دەکرێتەوە، ئەتمام حوجە ت ، رێگاحەلی دەرچون لە بوحران، پێشنیاری سەرنوشت ساز، مەنافعی میللی.

بەیاننامە بەدووای بەیان نامە دەردەچێ،  حەوت مادەیی، شەش مادەیی، دوو مادەیی، هیچ مادەیی.

**بۆ**

بە بروای من ئەم زاتە ناموبارەکانە کە هەموویان ساڵانێکە بەشداری قەڵاچۆکردن و کوشتاری گەلانی ئێران، بە تایبەت کوشتاری گەلی قارەمانی کوردن، زەمینە بۆ لە باربردنی شۆرشی نوێی گەلانی ئێران خۆش دەکەن.

دەنا هەم سەیدی خەندان و موسەوی و کەرووبی کەساڵیانی ساڵ کاربەدەست و  هەمەکارەی ئەم حکومەتە نەگریسە بوون و خۆیان دەستی باڵایان لەکوشتار و سەرکوتکردندا بووە و بە دایم لە خەواسی دەرباری ولایەتی فەقی بوون و تاروپۆی تەشکیلات و دام و دەزگای حکومەت دەناسن، زۆر باش دەزانن کە خامنەیی و یارانی حازرن هەموو شەرت و مەرجێ قەبوڵ کەن بەشەرتێک کەدەست لەئەسلی نیزام نەدرێ و حکومەتی بۆ گەنی ئیسلامی بەردەوام بێ.

**ئەێ بۆ ناکرێ**

رابەرانی جونبشی سەوز ئەوە دەزانن کەدوای ئەو  هەمووە قوربانییە ناکرێ بێ ئەوەی زەمینەی  بۆ خۆش کرێ، ئەم سازشە ئاشکارە  بکەن، دەبێ کەمێ کەڵەوەکیشی بکەن و لەکاتی گونجاودا سازش راگەێنن و بچنەوە سەر بەندی خۆیان.

هاوکات بۆ ئارام کردنی خەڵک قەرار و مەدارێک لەلایەن هەر دوولاوە رادەگێندرێ، وەک ئازادی ئەو زیندانییە سیاسیانەی کە دژی ئینقلاب نەبن و باوەریان بەکۆماری ئیسلامی و ولایەتی فەقی هەیە، بە واتایەکی دیکە برادەرانی کۆنی خۆیان کە ئێستا لەزیندانن، نەک لیبراڵ و سوسیالیست و پێشمەرگە و رۆڵە بەندکراوەکانی میللەتانی بندەست.

گرتن و مەحاکەمەی چەن قوڵەپاسدار و بەسیجی، ئاڵ وگۆڕ لەحکومەت ، لابردەنی ئەحمەدی نەژاد و هێنانی کەسێکی تر ڕەنگەهەموو گۆڕانکارییەکەبێت.

بەم جۆرە و بەخەیاڵی خۆیان دووبارە کلاوی شەرعی دەکەنە سەر خەڵک و دەیان ساڵی دیکە درێژە بە حکومەتی شومی ئیسلامی دەدەن.

ئەم سناریۆیە لەوە ڕا دێ کە بە بڕوای من ئەسولگەرایان، ئیسلاح تەڵەبان و وڵاتانی دەروجیران و سەرمایەی گەرۆکی جیهانی لەترس شۆرشی ئازادیخوازی گەلانی ئێران کە هاواری ئازادی، کار، نان، یەکسانی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی دەکا، چاویان پەڕیوەتە پشت سەریان و هیچ کامیان خۆازیاری دیموکراسی و ئازادی لە ئێراندا نین.

داخ و کەسەر ڕۆشنبیری ئێرانی جارێکی دیکەش خەریکە دەکەونە داوی وشەی **وست** بە، **کەر** بە، **کوێر** بە یان هێشتا وەختی نەهاتوە.

ئەم پەتایە بەداخەوە گەیشتۆتە کوردستانیش ئەحزابی کوردی یا بێدەنگ و دیپلوماسی نەهینی دەکەن یا ئەوانیش دەڵێن جارێ وەختی نەهاتووە کە داوای ڕەوای گەلێکی کۆڵنەدەر کە دەیان ساڵە بۆ سەروەری نەتەویی قوربانی دەدا بێتە ئاراوە.

دەڵێن با حکومەتی ئەحمەدی نەژاد لەئارادا نەمێنێ و دیموکراسی کەهات گرفتی نەتەوایەتی چارەسەر دەبێ کە لەئەساسدا وانیەو هەر بە تەنیا نەفسی دیموکراسی وەڵام دەری خواستی نەتەوایەتی نیە.

ڕۆشنبیران و ئەحزابی سیاسی کورد لەجیاتی ئەوەی ماڵی کورد یەک خەن و بەکۆدەنگی و وەک نەتەوە دەگەڵ سەرانی سەوز هەڵس و کەوت بکەن، هەر یەک بە تەنێ و بەهێزی بچووکەوە خەریکی چاووبرکێ دەگەڵ ڕابەرانی جونبشی سەوزن.

کاتێ سەروکی یەکێ لەم ئەحزابە لە نامەیەکی دوور و درێژدا کە ڕووی دەمی زیاتر لەسەرانی سەوزە تا گەلی کورد، خۆاستی نەتەوایەتی و سەروەری نەتەوایەتی گەلێک تا ڕادەی داخوازی بۆ ئازادی ئەحزاب دێنێتەخوارێ، مرۆڤ دڵی ژان دەکا.

باشە ئەگەر وایە بۆ کوردی هەزار لە ژێر ڕابەری هەر ئەم زاتانە لە ماوەی ئەم سی ساڵەدا کرا بەقوربانی؟ خۆ دەکرا ئێمەش سەراسری ببوایەین و داوای هیچمان نەکردبا وەک ئێستا کە داوای تەنات لەتە مادەش ناکەین و چاوەڕوانی ئازادی ئێرانی عزیزمان کردبا وەک باقی ئێران.

پێویست بوو ئەو هەموو ئینسانە کوڵنەدەرەی کورد بەکوشت بچێ؟

سەیر ئەوەیە پاش سی ساڵ خۆاستی ئەم ئەحزابە بۆ گەلی کورد هیچ کە گەشەی نەکردووە بەڵکو بەسەد قات پاشەکشێی کردووە، وەک بۆکانیان دەڵێن بەتۆزی داخوازییەکانی سی ساڵ لەمەوبەر ناگا، کەهەیئەتی نەمایەندەگی خەڵکی کورد بەکۆدەنگ لەسەر مێزی موزاکەرە خستیانە بەردەم داروودەستەی داگیرکەری خومەینی .

باشە ئەدی فرسەت تەڵەبی چۆنە؟ ئەویش بە نێوی خۆاستی زاتی گەلی کورد*

جونبشی سەوز ڕۆشنبیران و ئازادیخوازانی فارس بەچی دەتۆقێنێ؟

لەم هەفتەیەدا عەلیرەزا نوریزادە لە مێدیایەکی کوردییەوە بۆ دیفاع لە کەرووبی و موسەوی و نەکۆڵی لەچەپرەوی، دەڵێ: "ئەگەر جونبش بە ئارامی نەچێتە پێشەوە، ئەگەر ئێمە دیفاع لە ئاڵوگۆڕی قەدەم بەقەدەم نەکەین و ئەگەر دیفاع لە موسەوی و کەروبی نەکرێ، ڕەوتی جونبش بەرەو ئنقلاب دەچێ کە ئەوە بەقازانجی ئێران نییە و ایران تکه پاره خواهد شد."

نوریزاده و داروده‌سته‌كه‌ی و سه‌رمایه‌ی گه‌ڕۆكی جیهانی، ئه‌وه باش ده‌زانن كه بێ هێز بوونی حكومه‌تی مه‌ركه‌زی به قازانج نییه و ئه‌وان زه‌ره‌رمه‌ند ده‌بن، له‌به‌ر ئه‌وه بڤه‌یه ئه‌گه‌ر به ڕاشكاوی باسی دیموكراسی و ئازادی و یه‌كسانی، نان ، كار و مافی ژنان و حه‌قی چاره‌ی خۆنووسین بۆ گه‌لانی غه‌یره فارس بكرێ. ده‌نا ئه‌گه‌ر جونبشی سه‌وز ڕاست ده‌كا بۆ پلان و به‌رنامه‌ی نییه؟ بۆ باسی ئه‌وه ناكا حكومه‌تی داهاتووی ئێران چۆن ده‌بێ؟ بۆ له‌ئێستاوه ڕاناگه‌یێندرێ كه ئێران فه‌درال و لامه‌ركه‌زی ده‌بێ ؟ تا ئێستا جونبشی سه‌وز خه‌ڵكی به‌وه چه‌واشه كردوه كه به‌لابردنی ئه‌حمه‌دی نه‌ژاد و هاته‌نه‌سه‌ر كاری سێ تفنگداری ولایه‌تی فه‌قی هه‌موو شتێك جێ به‌جێ ده‌بێ.

**پرسیار ئه‌وه‌یه‌بۆ كێ؟**

بۆ كورد هیچی تێدا نییه، ته‌نانه‌ت له‌پێش نووسی قانوونی ئه‌ساسی سه‌وز باسی میله‌تانی به‌نده‌ست ناكرێ، ته‌نیا له‌فه‌سلی سێ قانوونی سه‌وز ده‌ڵێ ئه‌قوام غه‌یره فارس مافیان هه‌یه كه زمانی خۆیان بۆ قسه‌كردن و ده‌ركرنی گۆڤار به‌كار بێنن و مقاماتی ئیداری له‌خۆیان بێ.

هه‌ر موباره‌كی ده‌وێ و سه‌د ره‌حمه‌ت به‌ماده‌ێ 15ی قانوونی ئه‌ساسی مه‌لایان.

له به‌ر ئه‌وه ئه‌حزابی سیاسی ورۆشنبیرانی كورد ده‌بێ له‌خوێنی هه‌زاران شه‌هیدی كوردستان شه‌رم بكه‌ن كه به بێ قه‌د و شه‌رت ببن به‌پاشكۆی سه‌یدی خه‌ندان و دیفاع له‌جونبشی سه‌وز بكه‌ن.

گه‌لانی ئێران له‌ماوه‌ی ئه‌م حه‌وت مانگه‌دا و گه‌لی قاره‌مانی كورد به‌درێژایی سی ساڵ خه‌باتی نه‌پساوه نیشانیان داوه كه خۆازیاری تێكشكاندنی ته‌خت و به‌ختی حكومه‌تی بۆگه‌نی ئیسلامین، به‌هه‌موو باڵه‌كانیه‌وه‌بۆ وه‌دی هێنانی كۆمه‌ڵگایه‌كی ئینسانی كه كه‌س برسی نه‌بێ، كه‌س بێ سه‌رپه‌نا نه‌بێ و كه‌س ژێرده‌ست نه‌بێ!

ئازادیخۆازان و گه‌لانی ئێران ده‌بێ هه‌ر ئێستا تاپۆی بێده‌نگی بشكێن وده‌گه‌ڵ جونبشی سه‌وز ئه‌تمامی حوجه‌ت بكه‌ن، كه ئه‌وان ده‌بێ هه‌ر ئێستا به به‌رنامه‌یه‌كی تۆكمه‌وه كه هه‌موو به‌شه‌كانی كۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسی و ئابووری و نه‌وعی حكومه‌تی داهاتووی تێدابێ، بێننه ئاراوه و به ئاشكرا ئه‌م به‌رنامه‌یه له هه‌موو مێدیاكاندا بڵاو كه‌نه‌وه، ئه‌گه‌ر جونبشی سه‌وز ئه‌مه‌ی قبوڵ كرد، ئه‌وه باشه ده‌نا ئه‌وان به‌خێر و ئێمه به سه‌لامه‌ت.

ئازادیخۆازان، گه‌نجان، ژنان، كرێكاران ، هه‌ژاران و گه‌لانی بنده‌ست شه‌قام و شاره‌كانیان رزگار و ئیشغاڵ كردووه و تازه ناچنه‌وه ماڵێ، ئێمه ده‌بێ ده‌گه‌ڵ ئه‌وان و خواسته ڕه‌واكانیان بین، بۆ قه‌ڵاچۆكردن و نابوودی حكومه‌تی بۆگه‌نی ئیسلامی.

ئازادیخۆازانی سه‌راسری ئێران و ئه‌حزاب و رۆشنبیرانی كورد نابێ ببنه‌داشی دامه‌ی فرسه‌ت ته‌ڵه‌بان به‌هه‌موو باڵه‌كانیه‌وه، چ له‌ئێران و چ له‌كوردستان.